## رامان لەمەرگ

# لەشیعری (گەر لەحەق بێم و نەیەم)ی بەرزان هەستیاردا

**ئارام سدیق**

مەرگ یەكێكە لەو چەمكە بنەڕەتیانەی لەنێو ئەدەبی ئێمەدا پانتاییەكی گەورەی داگیركردووە. هەر لەئەدەبی كلاسیكییەوە تا ئەدەبی نوێ مەرگ زۆرترین ئامادەیی لەنێو شیعری كوردیدا هەیە، ئەم ئامادەییەش درێژكراوەی مێژووی ژیانی تاكەكانی كۆمەڵگەی ئێمەیە، چونكە هەموو دەزانین ئەدەب بەگشتی ڕەنگدانەوەی هەموو جوڵەو گۆڕانەكانی كۆمەڵگەیەو گوزارشتە لەهەموو پێشهاتەكانی. دەمەوێ بۆ دەسپێكردنی ئەم نووسینە رای چەند نووسەرو بیرمەندێك لەمەڕ مەرگ بخەمەڕوو، بۆ كارئاسانی و ڕوونكردنەوەی مەبەستمان لەبارەی مەرگەوە. شیلەر دەڵێت: (مەرگ شتێكی خراپ نییە، بۆیە هیچ كەس لێی بێبەش نییە). هاوكات ئیدوارد یۆنگیست دەڵێت: (مەرگ تاجی ژیانە، ئەگەر مەرگ نەبووایە ژیانیش نەدەبوو). مۆریس میتەرلینگیش دەڵێت: (ئەگەر مەرگ نەبووایە هەستمان بەخۆشی و شیرینی دنیا نەدەكرد). ڤۆڵتێریش لەبارەی مەرگەوە دەڵێت: (ئەو كەسەی لەمەرگ دەترسێت، لەژیانیش دەترسێت). دەكرێت لەم سەرەتایەوە بچمە سەر تەوەرەی سەرەكی ئەم نووسینە كە قسەكردنە لەسەر شیعری (گەر لەحەق بێم و نەیەم)ی بەرزان هەستیار كە لەژمارەی (٥٠٠)ی ئەدەب و هونەردا بڵاوبوویەوە، ئەم شیعرەش دیسان وەكو چەند شیعرێكی تری بەرزان قسەكردنێكی زۆری لەسەر مەرگ تێدایە، یان ڕاستتر بڵێم مەرگدۆستییەكی زۆر باڵی بەسەر ئەم شیعرەی بەرزاندا گرتووە، بەرزان هەستیار لەئەزموونی نامیلكەی (بەتەنیشت فەنابوونەوە)و دوای ئەو ئەزموونەش، لەزۆرێك لەشیعرەكانیدا دەگەڕێتەوە بۆ لای مەرگ و قسەكردن لەسەر مەرگ. لەم شیعرەدا بەیاریدەی چەند بەیتێكی مەحوی لەمەرگ دەدوێ. لەم شیعرەیدا بەرزان دەیەوێت زۆر نزیك خۆی لەمەحوی نیشان بدات، نزیكییەك كە لەبارەی مەرگ و ژیانەوە هاوبۆچوون بێت، یان دەیەوێ هاوسەفەری مەحوی خۆی نیشان بدات، بەڵام من جیاوازییەكی زۆر لەنێوان بەرزان هەستیارو مەحویدا دەبینم لەڕوانینیان بۆ مەرگ و لەهەڵبژاردنی مەرگدا. لای مەحوی مرۆڤ هەرچی بكات ناتوانێ قەرزی بوونی خۆی بەزاتی خودا بداتەوەو مرۆڤ قەرزاری خودایەو بەهیچ شتێكیش ئەم قەرزەی بۆ نادرێتەوەو هەڵبژاردنی مەرگ یان ئاوات خواستن بۆ مردن لای مەحوی هەوڵی خۆدزینەوەیە، یان بۆئەوەیە كە قەرزەكانی زیاتر نەبێت، ئەمە پرسیارێكی قورسە، فەلسەفەیەكە هەڵگری تەفسیری قوڵ و وردترە لەشیعرەكانی مەحویدا، چونكە بوون لای مەحوی پرسیارێكی جەوهەریەو لەزۆرێك لەدەقەكانیشیدا تەفسیری جۆراوجۆر كراوە. وەلێ لای بەرزان هەستیار مەرگ هەڵهاتنە لەژیانێك كە شایستەی ژین نییەو ئەمەش لەو بۆچوونە پووچگەراییەوە سەرچاوەی گرتووە كە شیعر هەڵگریەتی، كە لای مەحوی تەواو پێچەوانەیە، واتە خەیاڵی دووری نێوان بیركردنەوەی بەرزان هەستیارو مەحوی لێرەدایە، بۆ بەرزانی تاراوگەنشین مەرگ وەڵامە بۆ زۆرێك لەپرسیارەكانی ژیان، بەڵام لای مەحوی سۆفیگەر مەرگ وەڵامە بۆ چیتر قەرزدار نەبوونی زاتی خوداو هەم پاكبوونەوەش لەژیانێك ڕەنگە پڕبێت لەتاوان وگوناه. بەرزان دەیەوێ بەهەڵبژاردنی مەرگ نارەزایی لەبەرانبەر ژیاندا دووپات و دەپات بكاتەوە، هەتا ئەگەر بۆی بكرێ دنیا بشێوێنێ، بەڵام مەحوی وەكو پێشتریش ڕوونم كردەوە مەرگی خۆشویستوە. لەشیعری (گەر لەحەق بێم و نەیەم)دا بەرزان زۆر بەوردی بەهەمان شێوەی شیعری (ئێوارەیەك بۆ خۆكوشتن)مەرگدۆستییەكی زۆری دارشتووەو یەكەمین دێڕ بەمشێوەیە دەستپێدەكات (زانیم ناهێڵیت ئەمشەویش بمرم) لێرەوە بەرزانی مەرگدۆست ئەوە دەخاتەڕوو كە پیلانی هەڵبژاردنی مەرگی پووچبۆتەوە تا دەگاتە ئەوەی بنوسێت:

**ئەمە یەكەمین تاوانی تۆ بوو/ یەكەم تۆڵە بوو لەبەختەوەری منت كردەوە**

دەبینین شاعیر بەهەڵبژاردنی مەرگ بەختەوەرەو پووچكردنەوەی ئەو پیلانەش نەمانی بەختەوەرییە لای ئەو، ئەو پێیوایە بەهەڵبژردنی مەرگ مانایەك بەبێ مانایی ژیان دەبەخشێ و هەموو مرۆڤە خەوتووەكانی كۆمەڵگە بەئاگا دێنێتەوە دواتر دەڵێت، نەتهێشت بەمردن تەحەدای ژیان بكەم. لەمبارەیەوە مالرۆ دەڵێت: (مرۆڤ تاكە گیاندارێكە كە بەمەرگی خۆی دەزانێت)، لای بەرزانیش ئەم حەقیقەتە بناغەیەو بۆتە تاكە ڕێگەو فریادڕەس لەدەست ناهەمواری و ناعەدالەتی و پووچی بێمانایی ژیان. بیركردنەوەی بەرزان لەمەرگ بیركردنەوەی ئەو تاراوگە نشینانەیە كە ژیان هەم لەوڵات و هەم لەتاراوگەش غەدری لێكردوون و مانایەك بۆ ژیان نەماوە. لەكۆی ئەم شیعرەدا شاعیر دەیەوێ بەهەڵبژاردنی مەرگ تەحەدای كۆی ژیان بكات و ژیان بگۆڕێ، چونكە بەبوون و مانەوەی لەنێو ژیاندا ناتوانێ و نەیتوانیوە ژیان بكات و نەیتوانیوە هەموو ڕێگاكان ئاوەژوو بكاتەوە تا نەچنەوە بانەو حەرامەكان حەڵاڵ بكات و درۆكان ڕاست بكاتەوەو درۆزن ببێتە ڕاستگۆو غەدرەكان نەمێنێ، یان ڕاستتر بڵێین ریفۆرم لەكۆی سیستمی ژیانی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی ئێمەدا بكات. هەروەها هیچ شتێك نەمێنێ بەناوی پیرۆزی و پیرۆزگەراكان وشیار بكاتەوە.

بەرزان لەم شیعرەدا دەیەوێت لەكۆی سیستمی كۆمەڵایەتی ئێمە رابمێنێت و ڕێگەیەك بۆ قوتاربوون لەو تەنگەژانە بدۆزێتەوە كە بۆ ژیان دروستبووە، كاتێك هەموو دەواو چارەكان دەگەنە بنبەست، شاعیر تەنها مەرگ شك دەبات وەكو دواهاوڕێ و هاودەم كە هەڵیدەبژێرێت، بۆیە بەر لەهەڵبژاردنی دەیەوێ بەئەسپایی لەمەرگ رامێنێت. ئەم شیعرە ئەوەندەی رامانە لەبەردەم مەرگدا ئەوەندە هەوڵ نییە بۆ ئەزموونكردنی، چونكە شاعیر لەچەند دەقێكی پێشترداو بەشێوەیەكی فیزیكی مەرگی ئەزموون كردووە، هەر لەمبارەیەوە لێكۆڵەرێكی ڕوسی دەنووسێت: مەرگ و شیعر هەمیشە جۆرە مەیلێكیان بەلای یەكدا هەبووەو شاعیری ئەمریكی (ئۆدین) شاعیرانی بەكەسانێك زانیبوە كە یان لەلاویدا دەمرن، یان ساڵانێكی لەگۆشەگیری و تەنیاییدا ژیان دەبەنەسەر، ئەم پێناسەیە بەتایبەتی بەسەر شاعیران و نووسەرانی سەردەمی ڕۆمانتیزمدا دەچەسپێ، زۆربەیان و هەندێك لەهەڵكەوتووەكانیان لەلاویدا مردن و هەندێكی تریان لەوانە ( وۆردزۆرت، كولیریج) ساڵانێكی زۆر ژیان بەبێئەوەی چیدی بتوانن بەرهەمی لەچەشنی بەرهەمەكانی تافی لاوی خۆیان بخولقێنن. هاوكات دەمەوێ وتەیەكی مۆریسی میتەرلینگ بهێنمەوە كە تائاستێكی زۆر خزمەت بەم نووسینە دەكات كە دەڵێت: (هەڵەكانی ئێمە سەبارەت بەمەرگ لەوێوە سەرچاوە دەگرێت كە پێمانوایە ئەو ئێش و ئازارەی ئێمە بەر لەمردن ئەیچێژین پەیوەندی بەمەرگەوە هەیە، لەكاتێكدا وانییەو پەیوەندی بەمەرگەوە نییە، بەڵكو ژیان هۆكاری ئەو ئێش و ئازارەیەو مەرگ كۆتایی ئازارەكانە). لای بەرزانیش هەمان تێز خراوەتەڕوو، ئەم شیعرەش ئیشكردنە لەسەر ئەم تێزە، بەڵام كاتێك نووسەر بەبنبەست دەگات، ناچارە مەرگ ئەزموون بكات، بەڵام نایكات، چونكە پرۆژەكە تەواو نەبووە. پێموایە ئەم شیعرە تەواو نەبووەو بەردەوامیی هەیە، بەرزان زیرەكانە لەكۆتاییدا چەند خاڵێكی داناوە وەكو دەلاقەیەكی كراوە بۆ خوێنەر تا ئەویش هاوبەشی ئەو ژیانە ئاڵۆزەی نێو تێكستەكە ببێت. لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بكەم هەموو دەقێك بەبێ بواردان بەخوێنەر دەقێكی زیندوو نییەو ئەو دەقانەی بوار بیركردنەوەی خوێنەر دەدەن دەق گەلێكن كە خاوەنی نەمرین، پێموایە ئەم حاڵەتەش لای زۆرێك لەڕۆماننووسان و نووسەرانی دنیا پەیڕەو دەكرێت و لەنێو ئەدەبی كوردیشدا زۆرێك لەئەدیبە وشیارەكان ئەم حاڵەتە ڕەنگدانەوەی هەیە. لێرەدا دەمەوێ بگەڕێمەوە بۆ وردبوونەوە لەپێناسی شیعر، لەم دەقەدا دەبینین شیعر مندالی ئەو زەمەنە تاریكەیە كە مەرگدۆستی دەوری داوە یان وەكو عەبدولوتەلیب عەبدوڵڵا لەكتێبی (خەیاڵی زمان)دا دەنووسێت: (شیعر كەشفكردنی پەیوەندییە تازەكانی وشەو شتەكانە، شتەكان و مرۆڤ و شتەكان و بوون، شیعر پەیوەندی نێوان واقیع و مرۆڤ و نوێكردنەوەی زمانە لەدووتوێی جیاوازییەكاندا). بەپێی ئەم پێناسەیە شیعر بەركەوتنی ڕاستەوخۆی نێوان و مرۆڤ و دەوروبەرە، یان ڕاستتر بڵێین شیعر بەشێكە لەو هەستەی لەنێو پێكهاتەی سایكۆلۆژی هەموو مرۆڤێكدا هەیەو ڕۆژگارو بەریەككەوتنەكان زەمینە بۆ گەشەسەندن و كپبوونەوەی خۆش دەكەن، واتە هەموو ئینسانێك بەجۆرێك لەجۆرەكان شیعری لەبوونیدا هەڵگرتووەو لای شاعیرەكان شیعر زمانی بێ پەردەی دواندنەكانیانەو ئەگەر بتەوێت گفتوگۆ لەتەك شاعیرێكدا بكەیت دەبێت شیعرەكانی بخوێنیتەوە. عەبدولوتەلیب لەهەمان كتێبدا دەنووسێ: (شیعر لەو وزەیەدا خۆی دەدۆزێتەوە كە بەردەوام دەچێتە ناو شتەكان و دواجار دەیانبڕێ و لێیان گوزەر دەكات و پرشنگی نوێ دەخاتەوە. لەم بۆچوونەدا تارادەیەكی زۆر لەگەڵ نووسەری كتێبی (خەیاڵی زمان)دا هاوڕام و پێموایە ئەگەر شیعر دەربڕین و پەیامی نوێی تێدا نەبێت، بەرلەوەی بگاتە خوێنەر شیعرێكی مردووەو نموونەی ئەمجۆرە دەقەش لەنێو ئەدەبی كوردیدا بێ ئەژمارە، هەروەها كەم نین ئەو شاعیرانەی بەدەقە زیندووەكانیان توانیویانە چەندین سەدە زیندوویتی خۆیان بپارێزن. ئەم دەقەی بەرزان هەستیاریش یەكێكە لەو دەقانەی دەقێكی زیندووەو دەیەوێ پەیامێكی نوێ بەخوێنەر بگەیەنێت، پەیامێك كە ژیانێك بخولقێنێ غەدرو درۆی تێدا نەبێت و مرۆڤەكان بەئازادی بتوانن پیاسەیەك بكەن، هەروەها ئەوەی گرنگی زیاتر دەدات بەم دەقەو بایەخی هێندەی تر زیاتر دەكات، بەردەوامیی ژیانە لەم دەقەداو ونبوویەك هەیە كە شاعیر زیرەكانە بۆ خوێنەری بەجێدێڵێت، هەروەك چۆن (ئیسماعیل حەمەئەمین)یش لەقەسیدەی (پاڵەوانێك لەڕەنگ)دا هەمان گەمە دووبارە دەكاتەوەو دەیەوێت خوێنەر بەشداری پێبكات لەدیاریكردنی چارەنووسی ئەو ڕووداوەو پاڵەوانەی ئەو بیرۆكەی لەسەر بنیاتنراوە، بەرزانیش لەم شیعرەدا دەیەوێت خوێنەر ئامادەیی زیاتری هەبێت و بەشداری لەو چارەنووسەی شاعیردا بكات، ئەمەش پێموایە یەكێكە لەو خاڵانەی دەیەوێت لەنێو دنیای جەنجاڵی تەكنەلۆژیادا ئەدەب بەگشتی و شیعر بەتایبەتی گرنگی خۆی لەدەست نەدات و خوێنەر بەبوونەوەرێكی زیندووی بزانێت. دواجار دەمەوێ ئاماژە بەوە بكەم ئەم دەقەی بەرزان دەقێكە دەكرێت زۆر خوێندنەوەی وردو چڕتری بۆ بكرێت، چونكە شیعر لای بەرزان فەزایەكی بێ سنوور دەنەخشێنێ و بەردەوام دەیەوێ قۆناغەكانی ئێستا ببڕێت و بەرەو ئایندە هەنگاوێكی تر بنێت، لەئەزموونی ئەم سێ ساڵەی دوایی بەرزانیشدا ئەم خاڵە بەڕوونیی بەرچاو دەكەوێت و ئەو دەیەوێت ئایندە بۆ خۆی بەرێ و ببێتە شاعیری نەوەی ئایندە. ئەوەیش ڕەنگدانەوەی بەرچاوی لەنێو ئەزموونی شیعری ئەم سێ ساڵەی دوایی ئەم شیعرە هەیە تەوژمی مەرگدۆستییە، كە دەتوانین بڵێین سەرجەمی شیعرەكانی ئەم قۆناغەی شاعیری داگیركردووەو بۆتە هاوسەفەری ئەزموونە شیعرییەكەی.

***گەر لەهەق بێم و نەیەم- بەرزان هەستیار، شیعر-(ئەدەب و هونەر)ی كودستانی نوێ، ژمارە (٥٠٠)ی ٢٠٠٦/٨/٢٤**



بەرزان هەستیار

# بڵاوكراوەی نوێ







### یادەوەرییەكانی كۆڵانێكی خاپووركراو

لەژێر ناونیشانی (یادەوەرییەكانی كۆڵانێكی خاپووركراو)داو لەدووتوێی (١٢٢) لاپەڕەدا، یانەی قەڵەم لەزنجیرەی ژمارە(١٨)ی چاپكراوەكانیدا كتێبێكی بۆ (سیامەند هادی) بەچاپگەیاندووە، ئەم كتێبە كۆمەڵێك چیرۆكی لەخۆگرتووە، ناوی هەندێك لە چیرۆكەكان (ئەو ژوورەی هاوڕێكەم خۆی تیاكوشت، مەرگی داپیرە لە سێشەممەدا، چەترە وشكەكان، تەرمی شار لە بەیانییەكی تەمووزدا...).

### شاری مۆم و گوڵفرۆشان

(شاری مۆم و گوڵفرۆشان) ناونیشانی كۆمەڵە شیعرێكی (سالار توتمانی)یە، كە لەدووتوێی (٩٤) لاپەڕەدا بەچاپییگەیاندووە.. ناوی هەندێك لە شیعرەكان (ئاوێنەی پێنجشەممەكان، كیژە گیان، دواین گۆرانی بۆ ئەوین، جیاوازی من و ئاو، خەمێكی گەورە، ....).

### ئاوێزانی جوانی و هەڵوەرین

دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، لەدووتوێی (٢٤٢) لاپەڕەداو لەژێر ناوی (ئاوێزانی جوانی و هەڵوەرین)دا كتێبێكی بۆ (ئەكرەم میهرداد) بەچاپگەیاندووە، كە كۆمەڵێك وتارو لێكۆڵینەوەی ئەدەبیی لەخۆگرتووە، ناونیشانی هەندێكیان (چاوەكانی عەشق، سپی وەك بەفر.. وەك عەشق ڕەنگین، حەسرەت و گوناهەكانی ئەڤین، ....).